# سۆران سێوکانی

# "پەتای سەلەفیەت یەکگرتووی ئیسلامیی کوشتوە"

**بەشی یەکەم**

دیداری یاسین عومەر و هەردی مەهدی

**● بە باکگراوندێکی رۆشنبیریی ئایینی قوڵەوە قسەکانی دەکات، هەم ئاگاداری ناشیرینیەکانی مێژووی ئیسلامییو هەم دانپیانەری جوانییەکانییەتی، راستگۆیەو هیچ کام لە لایەنە تاریك و روونەکان ناشارێتەوەو ئازایانە دەریاندەبڕێت. کە قسەی لەگەڵدا دەکەیت هەست بە نەفەسی ئیبن رووشد، هەست بە وتە شیرینەکانی ئیبن حەزمو بیرتیژیی موعتەزیلەکان و یاخیبوونی هەللاج دەکەیت، هەرچەندە هاوڕای زۆرێك لە بۆچوونەکانیشی بیت، بەڵام دەڵێی بە جەختکردنەوەی لەسەر قسەکانی دەیەوێت قەناعەت بە مەزهەبییەکی وشك و کەللەڕەقی سەرەتای ئیسلام بکات.**

**سۆران سێوکانی نووسەرو رۆشنبیر ئەو شەوە لەبەردەم رەحمەتی پرسیارەکانی ئێمەدا بوو، ئەو؛ کادرێکی پێشکەوتووی یەکگرتووی ئیسلامی بووەو ئەندامی مەکتەبی باس و لێکۆڵینەوە بووەو ماوەی زیاتر لە ساڵێك بەڕێوبەری تەلەفزیۆنی یەکگرتوو کەناڵی سلێمانی بووەو زۆرێك سەردەمی بەڕێوبەرێتی ئەو بە سەردەمی زێڕینی تەلەفزیۆنی یەکگرتوو دادەنێن لەڕووی کرانەوەو رێگەدان بە دەرکەوتنی بیروبۆچوونە جیاوازەکان و زۆر گوێنەدان بە پێوەرە ئیسلامییە وشکەکان و دوورخستنەوەی شاشەی ئەو کەناڵە لەوەی ببێتە مزگەوتێکی رووت و قووت. بەهەمانشێوە ئەو بۆ ماوەیەك سەرنووسەری گۆڤاری هەژان بووەو لەوێشەوە "وەك هەندێك وەسفی دەکەن" پەرەی بە تێزە موعتەزیلەیە رەخنەییەکانی خۆی داوەو جێگەی سەرنجی زۆرێك لە رۆشنبیران بووە. سێوکانی وازی لەکاری حیزبایەتی هێناوە ئێستا لەنێوان بەغدادو سلێمانی لەهاتوچۆدایەو خەریکی بازرگانیکردنە ، بەڵام هێشتا دەستی لە کتێبەکانی بەرنەداوەو هەنووکە خەریکی فێربوونی زمانی فارسییەو وردەوردەش خەریکی خوێندنەوەی کتێبە فارسییەکانە.**



**لڤین: با لە مێژووی ئیسلامی سیاسیەوە دەستپێبکەین؟ ئەم جولانەوەیە تاچەندە جولانەوەیەکی رەسەنی ناوخودی ئیسلامە؟**

سێوکانی: ئاشکرایە جولانەوە ئیسلامییەکان لە مێژووی ئیخوانولموسلیمینەوە دەستپێدەکەن کە حەسەن بەننا دایمەزراند، من پێموایە حەسەن بەننا بەنیاز نەبوو یان لەخەیاڵیدا نەبوو ئیخوانولموسلیمین بگاتە بەم ئاستەی ئێستا پێیگەیشتووە، ئەو بە شێوەیەك بزوتنەوەی ئیخوانی فۆرمەلەکرد کە کۆمەڵەیەك "جمعیە" بێت، نەك حیزب. جەمعیەیەك کاری پەروەردەکردنی خەڵك بێت.

سەبارەت بە روو وەرگێڕانی ئەو بزاڤەش بۆ سیاسەت هۆکارەکەی ئەوەبووە کە ئەو واقیعە سیاسییەی ئەو سەردەمەو ئەو هەڵچوونە زۆرەی لەو سەردەمەدا هەبووە کاریگەری هەبووە لەسەر ئەم جولانەوەیە. حەسەن بەننا لە کۆتایی ژیانیدا وای لێهات دەم لە کێشەو پرسە سیاسییەکانیش بکوتێت، بەڵام ئەوەی گرنگە لەم مەسەلەیەدا ئەوەیە کە لەم ڕووەوە ئیمام بەننا هەرگیز سەلەفی نەبووە، پەتای سەلەفیەت (من بە پەتا ناوی دەبەم) لە سعودیەوە سەریهەڵدا، چونکە بەڕاستی پەتایە، ئەو پەتایە کاریگەری بەسەر ئیخوانەوە هەبووە، لەدوای شۆڕشی پەنجاکانی میسرو سەردەمی حوکمی ناسر لەو وڵاتەدا، ئیخوانەکان رۆشتن بۆ سعودیە، هەر بۆیە پارەی سعودیەو بیرو مەزهەبەکانی ناو سعودیە "بەتایبەتی سەلەفیەکانی

ئەویٚ" کاریگەری گەورەیان بەسەر ئیخوانەوە هەبوو، ئەمە قۆناغێکی گرنگی سەرەتای دروستبوونی ئیسلامی سیاسییە کە لە ئیخواندا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام قۆناغی دووەمی ئیخوان بریتییە لە قۆناغی کاریگەری سەید قوتب بەسەر ئیخوانەوە "کە من خۆم لە گەنجیەتیمدا زۆر بە کتێبەکانی سەید سەرسام بووم" زۆر حەزم لە کتێبی "المشکلات الأجتماعیة"ەکەی نەبوو، چونکە کتێبێکی هێمن بوو. بۆ تێگەیشتن لە کاریگەری سەیید بەسەر ئیخوانەوە دەبێت لە خوێندنەوەی سەیدقوتبدا سەرنجی ئەوە بدەین کە سەید لەژێر کاریگەری (ئەبو ئەعلای مەودودی)یدا نووسیویەتی، لە کتێبەکانی مەودودی-یەوە بۆت دەردەکەوێت کە ئەو چۆن سەیری سیاسەتو ئیسلام دەکات، تێڕوانینی مەودودی بۆ دەوڵەت، بریتییە لە دەوڵەتێکی تۆتالیتاری بە رووپۆشێکی ئاینییەوە، مەودودی بڕوای بە حکومەتێکی ستالینییە، بەڵام بەبیٚ ناوە راستەقینەکەی خۆی، بەڵکو بە ناوێکی عەرەبی ئیسلامییەوە، ئەوە ئەو دەوڵەتەیە کە مەودودی داوایدەکات. ئەمە کورتەی تێڕوانینی مەودودییە بۆ دەوڵەت، بەڵام لەبارەی حیجابو ئافرەتەوە ئەوە تێڕوانینی هەر زۆر خراپترە، بەلای ئەوەوە مافێك نییە بۆئەوەی ئافرەت بچێتە پەرلەمانو حکومەتەوە، باوەڕیشی بە دیموکراسیەتو چەمکە هاوشێوەکانی هەر نییە، سەید قوتب لەژێر کاریگەری ئەم تێزەدا بووە، ئەمە جگە لەو کەشە دەروونییەی خۆی، وەك ئاشکرایە سەید قوتب لە دۆخێکی زۆر دژواردا بووە، دەبێت بزانین سەید خۆی سەلەفی نەبووە، بەڵام "سەلەفی مەشرەب"بووە، ئەوانەی لە ژێر کاریگەری نووسینەکانی سەید قوتبدا گەورەبوون، سەلەفییە جیهادییەکان بوون، زۆریان بوونە کەسی دیاری ئەو رەوتە، هەر ئەوانیش بوونە هۆکاری ئەو کێشانەی کە ئێستا جیهانی ئیسلامی پێیانەوە دەناڵێنێتو لەوانەیە چەند دەیەیەکی تریش پێیەوە بناڵێنێت. من پێموایە سەید قوتب نەك نەیتوانی کاری بەننا تەواو بکات، بەڵکو تێکیدا، سەید لەسەر مەنهەجی بەننا شتی نەنووسیوە، ئەمە ئەو راستییەیە کە ئیخوانەکان نایانەوێت باوەڕی پیٚ بهێننو دەیانەوێت رەتیبکەنەوە، بەڵام ئەمە نکوڵیلێنەکراوە، چونکە ئەگەر نەفەسی بەننا بخوێنیتەوەو نەفەسی سەید قوتبیش بخوێنیتەوە، زۆر باش بۆت ڕووندەبێتەوە کە ئەو دوو نەفەسە دوو نەفەسی تەواو لەیەك جیاوازن. هەڵبەت بەننا هەرگیز باوەڕی بەوە نەبووە کە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان کۆمەڵگەی جاهیلن، هەموو کتێبو یادگارییەکانی بخوێنەرەوە شتی وای تیانابینی، بەڵام سەید هاتووە دنیای دابەشکردووە، ئەمە رەشەو ئەمە سپییە، کەسێك کە (معالم في الطریق) بخوێنێتەوەو باوەڕ بە تێزەکانی بکات نەك خەڵك، بەڵکو نزیکترین کەسی خۆیشی لێدەبێتە ئەو جاهیلەی کە سەید قوتب باسیدەکات، کەسی واهەبووە کاتێك ئەم کتێبانەی خوێندوەتەوە باوکی خۆی بە باوکی حەزرەتی ئیبراهیم سەیرکردووە، وەك ئاشکراشە باوکی ئیبراهیم پێغەمبەر بتی دروستدەکرد و کافر بوو، ئەوەی کە گرنگە لە سەیدا ئەوەیە وا لە مرۆڤ دەکات تەسلیمی ئەوەبیت کە ئەو دەیەوێت، دیارە ئەوەش بەهۆی بەهێزی ئەدەبیاتەکەیەوە، ئەمەش بەڕاستی پەتایە، ئێستا بەکورتی دەتوانین بڵێین هێڵێك لە نێوان سەردەمی پێش سەیدو دوای سەیدا هەیە. لەدوای سەیدقوتب ئیخوان بوو بە دوو باڵ، لە میسردا سەیدییەکان و بەننایەکان جیاوازبوون، بەڵام بە هاتنی عومەر تەلمسانی کە پیاوێکی هێمنو زیرەك بوو چارەسەری ئەم دوو خەتەی کرد و ئەم جیاوازییەی کەمکردەوە.

**لڤین: حەفتاکان لە زۆربەی کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا بەهۆی دەرکەوتنی چەپو شیوعییو دەسەڵاتی حکومەتە پۆست کۆڵۆنیالیزمەکانەوە، تاڕادەیەک ئیسلامی سیاسی بەرەو پووکانەوەو لاوازبوون رۆیشت، بەڵام دوای دەرکەوتنی رووی دزێوی ئەو دەوڵەتە تازانەو دەرکەوتنی رووی راستی شیوعییو ستالینییەکان، دیسانەوە ئەمە گۆڕانی بەسەردا هاتەوەو ئیسلامی سیاسی گەشەی کردەوە، تۆ ئەم حاڵەتە چۆن دەبینی؟**

**سێوکانی:** خۆی لە راستییدا جولانەوە کۆمەڵایەتییەکان رەوشی دنیای ئێمە دیاریناکەن، بەڵکو رەوشەکە خۆی بۆخۆی دەڕوات، دەورووبەرو ژینگە زۆر کاریگەرییان لەسەر دنیای ئێمە هەیە، لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە تا شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران، جولانەوە ئیسلامییەکان لە پاشەکشەدا بوون، تەنیا ئەو سەردەمەی ئەنوەر سادات نەبێت لە میسر، کە بۆ دژایەتی چەپەکان ئیخوانەکانی ئازادکردو ئازادییەکی پێدان بۆ بانگەشەکردن، بەڵام لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی لە ئێران، دیسانەوە جولانەوەی ئیسلامی بەرەو بووژانەوە چوو، ئەمەش چەندین هۆکاری هەبوو لەوانەش؛ دەرکەوتنی رووی دزێوی سۆڤیەتو چەندین هۆکاری تر وایانکرد کە خەڵك پاشەکشە بکات لەو لێشاوەی کەبەرەو مارکسیەت چووبوو، بەڵام لەدوای شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوە، ئیسلامی سیاسیی بووژایەوە، بەشێکی زۆری ئەمەش بەهۆی دەرکەوتنی کەسایەتی خومەینی-یەوە بوو وەك کەسایەتییەکی کاریزمیی، ئەڵبەتە ئەو درەوشانەوە ئیعلامییەی درابوویە خومەینی وایکردبوو جولانەوە ئیسلامییەکان ئەو ناکۆکییە مەزهەبییە قوڵو مێژووییەیان بیربچێتەوە کە لەنێوان سوننەو شیعەدا هەبوو، ئەمە تایبەت بە کوردستان هەتا ئەوکاتە درێژەی هەبوو کە ئیخوانەکوردەکان چوونە ئێرانو لەویٚ روویان تەقییەوە بەو جیاوازییە مەزهەبییەداو هەستیان بەو جیاوازیە قوڵە مێژووییە کرد. کە ئەمانەش بریتیبوون لە یەکگرتوو-ەکانی ئێستا و بزوتنەوەو ئیسلامییەکان بەگشتی، تا ئەو کاتە وایاندەزانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران شۆڕشی خولەفاکانە.

**لڤین: تا چەند ئەوقسەیە راستە کە ئیسلامییەکان پێش ئەوەی بێنە سەر دەسەڵات مامەڵەیان جۆرێکەو دوایی دەگۆڕێت؟ وەک ئەوەی لە جەزائیرو سۆماڵو سودانو چەند جێیەکی دیکەدا روویدا؟**

**سێوکانی:** هەموو جوولانەوەیەکی ئایدۆلۆژی ئەو سروشتەی هەیە، ئایا مارکسیزم توانی وا نەبێت؟! هەموومان ئەو نمونەیەمان لایە کە لە ولاتی خۆمان لە هاویندا چەتریان هەڵدەدا بەو بیانووەی لە یەکێتی سۆڤیەت باراندەباریٚ، ئەمە هۆی چییە؟ هۆکاری ئەمە ئەو جیهانە ئایدۆلۆژیەیە کە بۆی دروستکردون، ئایدۆلۆژیستەکان دەڵێن گەر ئێمە بڕۆینە سەر حوکمو کاروباری دەوڵەت بگرینە دەست وادەکەین و وادەکەین، لە پێشتردا چەپەکان کە باسی پرۆژەکانیان دەکرد جیهانێکی تریان پیشانی ئەو خەڵکەدەدا، بەڵام ئێستا لەبەرئەوەی لە سەردەمی جیهانگیریداین کەس ناتوانێت راستییەکان بشارێتەوەو هەموو شتەکان وەك خۆی دەردەکەوێت، لەم ماوەیەدا لە بەرنامەیەکی دیکۆمێنتیی زۆر بەهێزی کەناڵی جەزیرەی دیکۆمێنتیدا باسی لە هاتنی مەحاکمی ئیسلامی دەکرد لە سۆماڵ، یەکەم ئەرکی ئەو گرووپە لەسەرەتای دەستگرتن بەسەر مەقادیشۆی

پایتەختدا ئەوە بوو دەستیانکرد بە داخستنی ڤیدیۆخانەو گازینۆو یانەکانی خواردنەوە، دواتر دەستیانکرد بە سەپاندنی سەرپۆش بەسەرکچانداو لابردنی ئەو وێنانەی کە کچی تیایەو سزای خەڵکیان داوە لەسەر ئەم بابەتانە. تەنانەت بازرگانی (قاد)یان قەدەغەکرد کە بژێوی خەڵکی هەژاری سۆماڵ لەسەر ئەو شتەیە، ئەمەش جۆرێکە لە تیرۆر. بۆیە ئەو جیهانە ئایدۆلۆژییە بەردەوام ئەو خەونانە بۆ خەڵك دروستدەکات، بەڵام ئایا ئەو خەونە وایە؟ بۆنمونە تا ئێستاش ئێمە بەشێوەیەکی زۆر یۆتۆپی باس لە جوڵەی مێژوو (حرکە التاریخ) دەکەین، کە بەڕاستی هەرگیز حەرەکەی مێژوو بەو جۆرە نەبووە کە ئێمە باسیدەکەین، ئێمە درۆ لەگەڵ خۆماندا دەکەین، زەقترینیشیان ئەوەیە کە حەرەکەی فتوحات بەو شێوە یۆتۆپیو خەیاڵییە نەبووە، محەمەد ئەرگۆن لە کتێبێکیدا باس لە ئایدۆلۆژیا دەکات کە سێ قۆناغی هەیە ئەویش (سەرەتاو ناوەڕاستو کۆتایی)، بۆ کەسی ئایدۆلۆژی هەمیشە ئەو حاڵەتەی کە ئێستا ئەوی تیادایە ناشیرینە، بۆیە چاودەبڕێتە داهاتوو، ئەیەوێت لە داهاتوودا چیبکات، دیارە لە داهاتوودا دەیەوێت ئەوەی یەکەمو لە سەرەتادا ڕەەیداوە دووبارە بکاتەوە، ئەو سەرەتا جوانو بەهەشتییو نموونەییو موتەعالیە، بۆ مرۆڤی ئایدۆلۆژیی هەموو شتێك تیایدا لەوپەڕی درەوشانەوەو گەشەسەندندا بووە، بەڵام ئایا هیچ بزاوتێکی کۆمەڵایەتی وا بووە؟. ئایا بزاوتی موسوڵمانەکان لە مەدینەوابوو، بێگومان وانەبووە، ئایا ژیانی هاوەڵەکانی پێغەمبەر وابووە؟ بەدڵنیاییەوە وانەبووە. ئەو ڕۆژە گوێم لە وتاربێژی مزگەوتی ئیسکان بوو دەیوت: هاوەڵەکانی پێغەمبەر هەرگیز گوناهی بچوکیشیان نەکردووە، بەڵام ئایا عەلیو موعاویە هاوەڵی پێغەمبەر نەبوون، ئەو عەلیو موعاوییەیەی حەفتا هەزار کەس لە پشتیانەوە کوژران، کوشتنی حەفتا هەزار کەس کەمەو گوناهێکی بچوکیش نییە! تۆ ناوی دەنێیت جیهاد، ناوی بنێ، بەڵام حەفتا هەزار کەس کوژراوە، تۆ ناوی دەنێیت حەق و باتڵ، ناوی بنێ، بەڵام من ئەمە ناودەنێم شەڕکردن لەپێناوی دەسەڵاتدا. هەمان کێشە لە نێوان عەلیو عائیشەشدا هەبووە، ئایا کوژرانی ئەو هەموو کەسەو بەتایبەت نوخبەکانی ئەو سەردەمە؛ ئایا ئەوە جیهادە؟ ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە ئەوەندەی خەڵك لەنێوان موسڵمانەکان خۆیاندا کوژران، ئەوەندە لە شەڕی فتوحاتدا نەکوژران.

**لڤین: بە بڕوای تۆ هۆکاری چەقبەستنی فیکری ئیسلامی لە چیدایە؟ بۆچی ئەم فیکرە توانای تازە بوونەوەو ڕەخنە کردنی خۆی نییە؟**

**سێوکانی:** هۆکاری سەرەکی لەبەرئەوەیە لەسەرەتاوە دەسەڵاتی سیاسیی لەگەڵ ئەو خەتە سەلەفییەدا بوو، چونکە ئەو تەرزە بیرکردنەوەیە لە بەرژەوەندی کەسانی دەسەڵاتداردا بووە، بۆیە دەسەڵاتە عەقڵانییەکە هەمیشە لە ژێرەوە بووە. تۆ بڕوانە ئەم کارەساتە، زانای موسوڵمان هەبووە وتوویەتی "فەرمودەیەکی لاواز- حدیث ضعیف"م پێباشترە لە بۆچوونی خۆم. زانایانی ئیسلامیش بەشێوەیەکی گشتی زانایانی "نەقڵ" بوون، ئەو عەقڵەش کە ئەوانە باسیانکردووە "عەقڵێکی نەقاد" نییە وەك عەبدولکەریم سروش دەڵێت، بەڵکو "عەقڵێکی موحەلیل" شیکەرەوەی نەقڵ-ە، بۆ نموونە تائێستا هیچ زانایەکی موسوڵمان باسی ئەوەی نەکردووە کە "مەسیحی دەجال" ڕاست نییە، دەی مەسیحی دەجال بە هیچ عەقڵێك ناخوات، ئەمەش هەرلەبەر ئەوەیە کە فەرموودەی پێغەمبەری لەسەرە، تائێستا کەس جورئەتی ئەوەی نەکردووە بڵێت ئەمە کەی فەرموودەیە، باشە من ئەپرسم بە خوایەتی عیسای مەسیح ئەفسانەو خورافەتە یان بوونی مەسیحی دەجال، ئەو باوەڕەی ئێمەی موسوڵمان بە بوونی مەسیحی دەجال زیاتر خورافەتە لە بەخواکردنی عیسا، بۆچی بۆ ئێمە ڕەوایەو بۆ ئەوان ڕەوا نییە، لەڕوویەکی تریشەوە تەماشا بکەین دەبینین قورئان عیسا ناودەنێت "کلمە اللە" باشە گەر عیسا "پەیڤی خودا" بێت و "رافعك الیّ" بێتو بێباوك بێت، ئیتر عیسا کەی مرۆڤە، گەر بڕوانین هەموو شەڕی موعتەزیلەو حەنبەلییەکان لەسەر ئەوەیە، ئەڵێن قەشەیەکی سوریایی مشتومڕ لەگەڵ موسڵمانەکاندا دەکاتو پێیاندەڵێت: ئێوە ئەڵێن قورئان مەخلوق نییە، هەروەها باوەڕتان وایە قورئان "کلمە اللە"، موسڵمانەکان وتبوویان: بەڵێ، قەشەکە وتبووی: ئەی عیساش "کلمە اللە" نییە، موسڵمانەکان وتبوویان با وایە، پاشان وتبووی: باوەڕیشتان بەوەیە کە عیسا مەخلوقە، وتبوویان: بەڵێ مەخلوقە، قەشەکە وتبووی: دەی کەواتە قورئانیش مەخلوقە. موعتەزیلەکان دەیانەویست ئەم کێشەیە حەلبکەن، بەڵام حەنبەلییەکان ئەمەیان قبوڵ نەبوو، حەنبەلییەکان ناڵێن قورئان مەخلوقە یان نا، بەڵکو بێدەنگدەبێت. سەرەڕای ئەوەش هەندێ سورەتو ئایەتی قورئان هەن کە باس لە شەڕەکانی بەدرو ئوحودو ڕووداوی "موجادەلە" دەکەن، ئەوانە کۆمەڵێك ڕووداوی مێژوویین کە لە ساتێکی مێژوویدا بە گەرمی ڕویانداوە، من دەپرسم ئایا دەکرێت ئەوانەش لە (لوح محفوظ)دا نووسرابن بەو شێوەیە؟ بەڵام کەسێك نییە بێتو قسەیەك لەسەر ئەمانە بکات. تەنانەت زۆرجار کە تۆ دەتەوێت هەندێك ڕاستی مێژوویی ناو مێژووی ئیسلامیی بخەیتەڕوو، ئیسلامییەکان دەڵێن باباسی ئەو کێشانە نەکرێت. من ڕۆژێك لەگەڵ کەسێکی دیاری ناو یەکێك لەو بزوتنەوە ئیسلامییانەدا قسەمدەکرد فەرمودەیەکی پێغەمبەرم بە نموونە هێنایەوەو وتم برام ئینسان ئەوەندە بەڕێز نییە کە ئێوە باسیدەکەن، تۆ چی لەو فەرمودەیەی پێغەمبەر دەکەیت کە دەڵێت "من اتی بهیمە فأقتلوە و اقتلو البهیمە" واتە "هەرکەسێك چووە گژ ئاژەڵێك، ئەوە ئەو کەسەو ئاژەڵەکەش بکوژن"، باشە گەنجێك لێیتێکدەچێتو لەگەڵ ماکەرێکدا جوتدەبێت دەبێت بکوژرێت، ئینسانێك کە تۆ وا بە گەورەیی ناویدەهێنیتو ناویدەنێیت بەڕێز؛ لەسەر وروژانو حاڵەتێکی دەروونیی هەڵەیەك دەکات، تۆ دێیت دەیکوژیت، چۆن شتی وادەکرێت؟ ئاوا ڕێز لە ئینسان دەگرن. ئەو بەڕێزە وتی: بەڵام من واناڵێم ، منیش پێموت: تۆ کێیت؟ تۆ چیت لەناو مێژوودا؟. هەموو ئەمانە ڕۆڵیان هەیە لە چەقبەستوویی ئەو عەقڵەدا.

**لڤین: پێتوا نییە هەموو ئایدۆلۆژیایەک پێویستی بە دروستکردنی مێژوویەکی درەوشاوە هەیە، ئایا بەو پێوەرە ئیسلامی سیاسییش ئایدۆلۆژیایەک نییە بۆ دروستکردنی مێژوویەکی درەوشاوەی تایبەت بەخۆی؟**

**سێوکانی:** هەڵەیە گەر بڵێین ئیسلامی سیاسیی ئایدۆلۆژیا نییە، ئیسلامی سیاسیی ئایدۆلۆژیایە، بەڵام ئیسلام خۆی ئایینە، ئیسلامی سیاسیی لە سەردەمی نوێدا سەرهەڵدەداتو جوڵانەوەیەکی ئایدۆلۆژیی توندی داخراوە. گەر لە کوردستانی خۆماندا گەشاوەترین نمونەی ئەو جوڵانەوە ئیسلامییانە، یەکگرتوو بێت، ئایا یەکگرتوو کراوەیە؟ ئەوە پرسیارێکە، پرسیارێکی تر ئەوەیە ئایا یەکگرتوو بونیادی فیکریی خۆی لەسەر ئەمڕۆ بنیاتدەنێت یان لەسەر ڕابردوو؟ با بێینە سەر ئەوەی ئایا یەکگرتوو کراوەیە؟ وەکو سیاسەتو قسەو ڕووی دەرەوەی؛ بەڵێ وایەو کراویەو هەوڵی تێکەڵاوبوونو کرانەوە دەدات، بەڵام ئایا دەتوانێت لە ناوەوەی خۆیدا کراوە بێت بەتایبەت کراوە بێت لەبەرامبەر واقیعی کۆمەڵایەتییدا؟ تا ئێستا ئەمە جێی پرسیارەو یەکگرتوو تائێستا نەیتوانیوە لەسەر ئاستی قەواعیدی خۆی کراوە بێت، من باوەڕم وایە تا ئێستا ئەو کراوەییە دروست نەبووە، سادەترین شتێك کە یەکگرتووو ئیسلامییەکانی تریشی کوشتوە پەتای سەلەفیەتە.